تره‌مپ: ده‌کرێت له‌ماوه‌ی مانگی داهاتودا له‌گه‌ڵ ئێران بگه‌ینه‌ ڕێککه‌وتن



دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆکی ئه‌مریکا رایگه‌یاند، بڕیاری کۆتایی له‌باره‌ی دانوستان له‌گه‌ڵ ئێران لای خۆیه‌تی. ده‌شڵێت، ده‌کرێت له‌ماوه‌ی مانگی داهاتودا له‌گه‌ڵ ئێران بگه‌ینه‌ ڕێککه‌وتن. ئه‌گه‌ر نه‌گه‌ینه‌ ڕێککه‌وتن، دڵخه‌که‌ کاره‌ساتبار ده‌بێت بۆ ئێران.

دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆکی ئه‌مریکا، ئه‌مڕۆ پێنجشه‌ممه‌، له‌باره‌ی دانوستان له‌گه‌ڵ ئێران، وتی، ده‌بێت بگه‌ینه‌ ڕێککه‌وتن، ئه‌گه‌ر نا دڵخه‌که‌ زۆر خراپ ده‌بێت، من ئه‌مه‌م ناوێت، به‌ڵام ده‌بێت بگه‌ینه‌ ڕێککه‌وتن.

وتیشی، ده‌بو هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ ئێرانییه‌کان ڕکبکه‌ون، به‌ڵام ڕك نه‌که‌وتون بێیه‌ له‌ نیوه‌شه‌ودا گورزێکی کاریگه‌ریان به‌رکه‌وت.

جه‌ختیشی کرده‌وه‌، ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵمان نه‌گه‌نه‌ ڕێککه‌وتن، ئه‌وا دڵخه‌که‌ کاره‌ساتبار ده‌بێت بۆ ئێران.

لەبارەی کاریگەریی سەرهەڵدانی وەزیرانی ئیسرائیل لە دانوستانەکانیان لەگەڵ ئێران، تەمپ هەمای بۆ ئەوە کرد، دوێنێ کەبونەوەیەکی بەرهەمدارمان لەگەڵ بنیامین نەتەنیاهو کرد، ئەو لە دڵخەکەتدەگات، بەڵام بۆیاری کۆتایی لای منە. ئەگەر نەگەینە رێککەوتنێکی عادیلانەو باش لەگەڵ ئێران، ئەوا کاتێکی سەخت چاوەڕێی ئێرانییەکان دەکات.

هەروەها وتیشی، پێشبینی دەکەم لەماوەی مانگی داهاتودا بگەینە رێککەوتن. نابێت گەیشتنمان بە رێککەوتن کاتێکی زۆر بخایەنێت، بەڵکو دەبێت بەخێرایی بکرێت، دەبێت ئێرانییەکان بەزویی رازی بن.